

# شـــــــــــــــــــــــەرم

hamed.abdulla@mail.dk

حـەمید عـەبدوڵڵا/دانمارک

قۆنداغـپێچی چاوی کردووم
تۆشی هــــەزار داوی کردوم
ئـەم شـەرمەی من
شـەرم لـەدید و ڕوخســـــار و
لـه سێبـەری خۆشـــم دەکـەم
نـەدەبینم نـەتام دەکـەم
نـەبۆن دەکـەم
تـەمـەنم گـەیشتـەپایز
هـەمووگیانم
بـەرەو هـەورازی پیریـە
پرچم ئـەڵێی
کرێوەی بـەفر لێیداوە
کـەچی شـەرم لـەناخم دا
هێشتا لاوە
بـەناو کوچـەی دڵما ئـەڕۆم
ناوێرم سـەرم هـەڵبڕم
شـەرم دەکـەم
نـەکا شۆخێ لـەبـەر دەرگاکـەی وەستابی
لـەرزم لێیـە لـەپێچێکا
توشم توشی مامۆستابێ
شـەرم ئـەکـەم سڵاو بکـەم



لەوڵاما زمانم تەتەڵە ئەكا
دڵم ئەڵێی كارمامزێكی شەكەتە
لەترسی ڕاوچی ڕائەكا
لەنهێنی ئەم شەرمەی خۆم
سەردەرناكەم
زۆرجار ئەڵێم
ئیتر بەسە شەرم ناكەم
ئاوێنەیەك هەڵئەگرم
لە ڕوخساری خۆم ئەڕوانم
كەچاوم بەخۆم ئەكەوێ
باش تێئەگەم
كە هەر كوڕەكەی جارانم
لەسەر سفرەی نان خواردنا
دەستم شەرمی
لەكەوچك ولێوم
لە پارووی ناو دەستم
ئیتر تێرناخۆم لە شەرما
زوو هەڵدەستم
ئاخر شەرم
فێری شەرمەدرۆی كردم
تێرت خوارد ؟ ئا
خەوتدێ ؟ نا
ئاخر سێوێ
دەپارچەیێ لەو هەنارە
بۆتام ناكەی
نانا بەخوا لەوەزیاتر
هیچ ناتوانم
ئاخر شەرم وایلێكردوم



لەگەڵ خۆشمدا میوانم
گوناهی شەرمەدرۆیە
ئەگەرنا
هەر خۆم ئەزانم
لەوکاتەدا
چەندەبرسیم
چاووم چەند تامەزرۆی خەوە
دڵم بۆتام و لەزەتی
ئەو هەنارە جەندەگەرمە
شەرم شەرم شەرمە
جارێکیتر
ئومێدێك لەبێدەنگیدا هەڵئەچنم
ئیتر بەلای شەرما ناچم
بڕیار ئەدەم پێهەڵبگرم
ئەم بەهارە
لە گەڵ نێرگز پەیدا ئەبێ
هەنگاو هەڵئەگرم بڕۆم
بەڵام ئەفسوس هێشتا زووە
زۆرم ماوە بۆ گاگۆڵکێ و دارەدارە
ماچێك لەلێوم تورە بوو
ووتی تاکەی
بە بەڵێنی ئەمڕۆ و سبەی
ژیرم ئـــەکەی
بۆ لەسەر لێوی شەرمی خۆت
پیرم ئـــەکەی
ئەو وەکو من شەرمـــــن نەبوو
فڕی بۆسەر لێوی کچێ
ئەوە یەکەم ماچـــــی من بوو